**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستان – عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بــڕیــار**

**ژمارە ( ١٥ )ی ساڵی ٢٠١٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە، بڕیارماندا بە دەرکردنی بڕیاری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠١٤ کە پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٣) لە ٢٠١٤/٩/٣٠ پەسەندی کردوە :

**بڕیاری ژمارە ( ٢٣ )ی ساڵی ٢٠١٤**

**ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان – عێراق**

پشت بە حوکمەکانی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠١٤/٩/٣٠ ئەم بڕیارەی دا :

**یەکەم :** پارێزگای هەڵەبجە پایتەختی ئاشتی کوردستان – عێراقە .

**دووەم :** لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆنفراس و کۆڕ و کۆبوونەوە و مەراسیمی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و پەیامی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەو پارێزگایە ساز دەکەن و ، حکومەت بودجەیەکی تایبەتی ساڵانە بۆ ئەم مەبەستە دیاری دەکات ٠

**سێیەم :** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم ئەو پێداویستیانە مسۆگەر بکات کە پایتەختی ئاشتی دەیخوازێت .

**چوارەم :** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن و پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی دەربکەن .

**پێنجەم :** كار بە هیچ دەقێكی ناكۆك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم بڕیارەدا ناكرێت .

**شەشەم :** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) كاری پێ دەكرێت .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق**

**هەولێر**
**٢٠١٤/١٠/٢٦**

**هۆیەكانی دەرچوواندن**

لە پێناو كەمكردنەوەی لێكەوتەی تاوانەكانی جینۆساید لەسەر قوربانیانی پارێزگای هەڵەبجە و گەیاندنی پەیامی ئاشتی و پێكەوە ژیان لە كوردستانەوە بۆ جیهان ، ئەم بڕیارە دەرچوێندرا .